# هابرماس

# و

# (دیموکراسیو بزاڤی خوێندکاران)

رۆبێرت هۆلاب

وەرگێڕانی لەفارسییەوە: ئەکرەمی میهرداد



هابرمانس

## گفتوگۆ لەگەڵ پەیڕەوانی چەپ:

بزووتنەوەی خوێندکاران لەئاڵمان، وەکو وڵاتانی ڕۆژئاوا، بەرهەمی دەیەی ١٩٦٠بوو. بزاڤی خوێندکاران و زانکۆیانی ئەڵمان، ئەوکاتە دەستی پێکرد کەنەوەی پاشی جەنگی دووەم، گەورەببوون و هەمان هۆو بەڵگەی ئەو بزووتنەوانەی وڵاتانی دیکەی پیشەسازی بوو. ناخۆشی و نیگەرانی گشتی بەرامبەر کەڵەکەی مادی و نەمانی بڕواو ئۆباڵی سیاسی لەدەیەی ١٩٥٠و پاشان دەرکەوتنی یەکەمین نیشانەکانی ناجێگیری و پشێویی ئابوری لەسەرمایەداری ڕۆژئاوادا، بەڵگەو هاوکاری هاوبەشی نائارامی و ڕاپەڕینی فراوانی لاوان و خوێندکارانیان، بەرهەم هێنا.

بەڵام دوو هۆکاری تایبەتیش لەئاڵمان دەکاردابوو. هۆکاری یەکەم، پێشینەی سەخت و سەنگینی ناسیۆنال-سۆسیالیزم بوو. لەسالانی سازدانەوەو ڕێکخستنی ئابوری پاش جەنگ کەبە "موعجیزەی ئابووری" ناسراوە، بەشی زۆرینەی خەڵك زۆرداریيەکانی ڕژێمی نازییان نادیدەو بێ هەند دەگرت، بەڵام لەدوای سازدانی دادگاکانی ئایخیمان لەساڵی ١٩٦١، داوەرییەکانی ئاڤۆشوێتیس لەساڵی ١٩٦٣و بلاوبوونەوەی بەڵگەو دۆسیەکانی ڕایخی سێیەم و لەوانەش پیشاندانی نمایشەکانی درامای ڕۆلف هۆخۆت، کەبەناونیشانی (نوێنەر)بوون هۆشیاری نەوەی نوێیان لەپێشینەی فاشیزمی ئاڵمان زیاتر کرد. بێگومان ئەو نەوەیە پرسیاری زۆریان لەدایکان و باوکان هەبوو، کاتێك وەڵامی پەسەندیان نەبیست و یان بێ وەڵام مانەوە، کێشەکان دەستی پێکرد. کێشمەکێشی نێوان نەوەکانی ئاڵمان ئەمجارەیان فراوانتر بوو لەکێشە هەمیشەیی و دێرینەکانی نێوان باوك و کوڕو نێوان دایکان و کچان. ئەم کێشانە لەئەڵمانیا سنورو ڕەهەندی ئاشکرای سیاسی پەیداکرد. هۆکاری دووەم، بزووتنەوەی خوێندکاران بەشێك بوون لەڕەوندی نەیاری فراوان کەبەناونیشانی (ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پارلەمان) ناسرابوون. لەوانەیە گرنگترین هۆکاری پەیدابوونی ئەم ڕەوتە، سازدانی کۆنگرەی پارتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان SDS بوو بێت کەلەساڵی ١٩٥٩ بووە هۆی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لەبنەماکانی سۆسیالیزم. یەکێکی دیکە لەهۆیەکانی وەدیهاتنی بزاڤی خوێندکاران هاوپەیمانی نێوان هەردوو پارتی سەرەکی سۆسیال دیموکرات و مەسیحی بوو لەساڵی ١٩٦٦. هەڵوێست و مامەڵەی گروپ و کۆمەڵە چەپ و پێشکەوتوخوازەکان لەم ڕووداوانە ئەوەبوو، کە چیدی پەرلەمان سەنگەری خەبات نییەو دەبێت هێزو کۆمەڵە نەیارەکان خۆیان لەدەرەوەی پەرلەمان و حکومەتدا درێژە بەخەبات بدەن.

هابرماس سەبارەت بەم هەڵوێستەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەو فراوانتری پارلەمانی، هەستی بەهاودەردی و هاوسۆزی دەکرد. هەربۆیەش نەیاری ئەو لەگەڵ ئەوڕەوتە بەمانای دروستی وشەکە ئەوەبوو، کە ڕەخنەی لەهەندێك توخم و ڕەوشی بزاڤی خوێندکاری بوو. بەڵام سەرەنجام ئەو پشتیوانی ئامانجە گشتییەکانی بزاڤەکەبوو. هابرماس بەپێچەوانەی دیدی هەندێك لەچاودێران و لێکۆڵیاران، هیچ کاتێك خۆی لە "دەرەوەی سنوری بزاڤی خوێندکاران"دا نەدەبینی. هابرماس بەڵگەی باش و پەسەندی بۆ لایەنگیری لەبزاڤی خوێندکاران باسدەکرد، ئەوکاتەی کەزۆربەی چاودێران و لێکۆڵیارانی ژیانی سیاسی لەئەڵمانی دەیەی ١٩٦٠ کۆنەپارێز یان چەپ بوون، بەرهەمەکانی هابرماس یەکێك بوو لەسەرچاوەکانی سروش بەخشی بزووتنەوەی خوێندکاران. هابرماس، کەناسراوترین ئەندامی نەوەی دووەمی قوتابخانەی ڕەخنەیی (فرانکفۆرت) بوو، لەسەرانسەری دەیەی ١٩٦٠ نوێنەری سەرەکی نەریتی مارکسیزمی کراوە (ناجەزمی) بوو. یەکەمین بەرهەمی ئەو، کتێبی

(گۆڕانی بونیادی بواری گشتی) کە گرنگی بایەخی فراوانی هەبوو، بووە مەیدانی گفتوگۆی نێوان پەیڕەوانی چەپو بەڵگەو بەرنامەی کارو تیۆری سیاسی نەیاری رژێم بوو. هابرماس لەساڵی ١٩٧٩و لەهەڤپەیڤینێکدا باسی سەردەمی نووسینی یەکەمین کتێبی خۆی دەکاتو یادێك لەوەدەرنانی گروپی خیوێندکارانی سۆسیالیستی ئەڵمان SDS لەپارتی سۆسیال دیموکرات، دەکاتەوە. هابرماس لەگەڵ کۆمەڵێکی کەم لەهاوکارانی پێشکەتوخواز، بەمەبەستی ناکۆکیو نەیاری لەبەرامبەر خۆپەسەندیو نەبینی ئەوانی دیکەی پارتی سۆسیال دیموکرات، "یەکێتی سۆسیالیستی"یان پێکهێناو، ئەگەر چی ئەو باسی ئەوەناکات، کە کتێبی "گۆڕانی بونیادی" بۆ کۆکردنەوەو رابەریکردنی گروپی خوێندکارانی سۆسیالیستی نوسراوە، بەڵام خۆی ئەم کتێبە بەبەشێك لەبەرنامەی سیاسی بۆ شیکردنەوەی "لاوازییە خودییەکان"ولەوانەیە"ترسناکی" کۆمەڵگای ئاڵمانی دەزانێت.

پێشنیارکردنی یەکێ لەئامانجی سێینەی سەرەکی بزاڤی خوێندکاران وەکو بابەتێکی لێکۆڵینەوەی ناو ئەم کتێبە بەرێکەوت نەبوو. لێکۆڵینەوەی هابرماس دەربارەی نەمانی گفتوگۆی راستینەی دیموکراتیكو ئەو هێزەی کەنیهادو میدیا گشتییەکان کۆنترۆڵ دەکات، لەزەمینەی ناهۆشیاریو خۆشباوەڕی گشتیدا پەیدا دەبێت، رێبازی هابرماس بەردەوامی رەخنەکانی ئادۆرنۆو هۆرکهایمەربوو لەکتێبی (دیالەکتیکی رۆشنگەری) پێشوازی خوێندکاران لەگفتوگۆکانی دەیەی ١٩٦٠ بووە هۆی خەباتو خۆپیشاندانەکان لەدژی دەزگای پەخشو بلاوکردنەوەی شپرینگەر ـ کەیەکێك بوو لەگەورەترینو کۆنەپارێزترین کۆمپانیاکانی پەخشی ئاڵمانو خاوەنی بەربلاوترین رۆژنامەی گشتی ئەو ولاتە کە رۆژنامەی (بێلدزا زایتۆنگ)بوو. رەخنەو نەیاری ئەم رۆژنامەیە لەدژی خوێندکاران زۆر سەخت بوو، هاندانی توندی ئەو رۆژنامەیە بووە هۆی توندیو سەختی ساڵانی ١٩٦٧و ١٩٦٨ لەدژی بزاڤی خوێندکاران.

دووەمین پرسی سەرەکی بزاڤی خوێندکاران پرسی زانکۆکانو ریفۆرمی زانکۆیی بوو. زۆربەی راپەڕینەکانی دەیەی ١٩٦٠ی خوێندکارانی ئەوروپا ئامانجی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام لەئەڵمان ئەم بابەتە گرنگیو بایەخی زیاتری هەبوو، چونکە سیستەمی زانکۆیی سەرکوتکەرو دارێژراو بەپێی بیرۆکراتی سەخت کەلەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا هەبوو. ئەم رەوشە تەنهاو تاسنورێکی کەم بەهۆی ریفۆرمی دوای جەنگ کەمکرابوون. رژێمی زانکۆیی لەسەردەمی دوای جەنگی جیهانی دووەم، کەلە بناغەدا نادیموکراتو دیوان سالاربوو، لەجێگای ئەوەی کەهەوڵی لابردنو نەمانی نایەکسانی کۆمەلایەتیو پەروەردەیی دابێت، هەرهەمان رەوشی هێشتەوە. هەروەکو جارانی ئاڵمانی فاشیزم، لەزۆربەی زانکۆکان، دیسان سایەی قورسو شومی بیرۆکراسی بەسەریاندا زاڵ کرایەوە. لەکاتێکدا، کەلە ئاڵمانی رۆژهەلات، هەموو فاشیستەکانی جاران لەپلەو پایەی پەوەردەو خوێندنی بالا پاکسازی کران، بەلام لەئەڵمانیای رۆژئاوا نازییە کۆنەکان هەروەکو جاران پایەی مامۆستاییو پسپۆڕیان پێدرایەوەو تەنها هەندێك شوێنی پێویستو ناچاری نەبێت، شێوەکانی خوێندنو مەیلە سیاسیەکان لەزانکۆکان، نەگۆڕان. سەرەنجام خوێندکارانو زانکۆیانی پەیڕەوی چەپ لەدەیەی ١٩٦٠ ناخۆشیو رەنجی زۆریان سەبارەت بەوانە کۆنە پارێزو سەختەی مامۆستایان، کێشا. هابرماس لەکۆتایی دەیەی ١٩٥٠ خوازیارو بانگەوازیاری ریفۆرمی زانکۆیی بوو، کەلە دەیەی ١٩٦٠یشدا بەئاشکراو پەیگیر پشتیوانی لەریفۆرمی دیموکراتیکی ناوخوێندنو زانکۆکان دەکرد.

## ئاوانبارکردنی "فاشیزمی چەپگەرا"

ڕووداوێك کەلە ڕووداوەکانی سەرکوتی سیاسی جیهانی سێیەم دەچوو، سێیەمین بواری پەیوەندداربوو بەبزاڤی خوێندکارانی ئاڵمان و یەکەمین ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان هابرماس و هەندێك گرووپی توندڕەو بوو. ئەم ڕووداوە لەبەرلینی ڕۆژئاوا، کە یەکێك بوو لەناوەندەکانی نەیاری بزاڤی خوێندکاران، لەتەواوی دەیەی ١٩٦٠. لەساڵی ١٩٦٤ خۆ پیشاندانەکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی ڕایگشتی لەدژی بێدادییەکانی ڕژێمە دیکتاتۆرە ڕاست ڕەوەکانی جیهانی سێبوو. لەدیسامبەری ١٩٦٤ دیداری مۆئیز (موسا) چومبە سەرۆکی دەوڵەتی کۆنگۆ لەئەڵمانیا، کەبە بەرپرسیاری کوشتنی پارتیس لۆمۆمبا دەزانراو پاشان لەمارسی ١٩٦٥ دیداری وەفدێك لەحکومەتی ئافریقای باشوور، بوونە هۆی نارەزایی خوێندکاران و زانکۆکان. لەماوەی دووساڵی دوای جەنگی ڤێتنام کەگرنگترین پرسی پەیوەندی دەرەوەی وڵات بوو، شاری بەرلین شایەتی زنجیرەیەك لەخۆ پیشاندانی تووڕەو بێزار بوو لەدژی دەسەڵات و هەژموونی وڵاتانی ئەمریکاو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. کەشی سیاسی شاری بەرلین هەتا دەهات بەرەو پێشەوە دەچوو، لەم هەلومەرجەدا دیداری شای ئێران بۆ ئەڵمان لەڕۆژی ٢ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ جارێکی دیکە خوێندکارانی بەرەو نارەزایی و خۆپیشاندانی فراوان جوڵان. لەو خۆپیشاندانەداو لەشەڕی نێوان لایەنگران و نەیارانی شادا، یەکێك لەخوێندکاران کەناوی (بنو ئۆ ڤنسۆرگ) بوو بەسەختی بەدەستی پۆلیس بریندارکرا.

پاشان مەرگی ئۆڤنسۆرگ شەپۆلێکی فراوانی لەکارو چالاکی سەرانسەری زانکۆکانی ئاڵمان گرتەوە. لەو شوێنەی کەناو براویان لەشاری هانۆڤەر بەخاك سپارد، کۆنگرەیەکی تایبەتیان بەناوی (زانکۆو دیموکراسی) لەزانکۆی ئەو شارەدا ڕێکخست و هابرماس یەکێك بوو لەو حەوت کەسەی کەبانگێشتی کۆنگرە کرابوو. وتارەکەی هابرماس بەهێرشێکی توند لەدژی نەخشی چاپەمەنی و پارتە سیاسیەکانی ئاڵمان دەستی پێکرد، بەبڕوای هابرماس میدیا و چاپەمەنی هەوڵ و خەباتی دژی ڕووناکبیرییان بەڕێ خستبوو، و پارتە سیاسیەکانیش بەدوورکەوتنەوەیان لە خوێندکاران و زانکۆکان بوونە هۆی پەیدابوونی گیانی لێنەبووردن و دیدی دەسەڵات پەرست. هابرماس هەفتەیەك پێش ڕووداوەکانی بەرلین، هۆشداری داو خوێندکارانی ئاگادارکردەوە. کاردانەوەی دەسەڵات لەدژی ئەو ڕێپێوانە نیشاندەری ئەو هەلومەرجە بوو کە "ئێمە بۆ یەکەمین جار لەدوای سەردەمی فاشیزم و لەکۆماری ئاڵمانی فیدراڵ دا دەیبینین". بەشەکەی دیکەی وتاری هابرماس دەربارەی نەخشی خوێندکاران بوو لەناو ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی پارلەمان، هابرماس ستایشی بزاڤی خوێندکاران وەکو ڕەوتێکی گرنگی ڕۆشنگەری سیاسی دەکات. لەدیدی ئەو خوێندکاران لەبەرئەوەی کەراستەوخۆ نەکەوتوونەتە ژێرکاریگەری گروپەکانی هاوبەرژەوەندی ئابوری دەتوانن ئەرکی گرنگی ڕاستکردنەوەی سەرکوتی دیدی ڕەخنەیی چاپەمەنی، پارتە سیاسەکان و حکومەت بەرێوەببەن:

ئەرکی ئۆپۆزسیۆنی خوێندکاران لەکۆماری فیدراڵدا هەقکردنەوەی نەبوونی دیدگای تیۆری و نەمانی هەستیارییە دەربارەی سەرگەردانی و نامۆبوون، ڕاستکردنەوەی دیدی بونیادی بۆ درەبڕین و بەڕێوەبردنی دەستوری دیموکراتی و پێویستە بۆ وڵات، تولە سێنی نەبوونی توانای پێشبینی ئایندەو نەمانی هۆشی بەهێز، و بەکورتی هەقکردنەوەی نەزانی و بێ هۆشیمان بوو.

ئەم شێوەیە بزووتنەوەی خوێندکاران بەهاوکاری بیروباوڕەکانی هابرماس، گەشەی کردو پێشڕەوی کرد، ئەگەر چی وردەکارییەکانی شینەکردەوە، بەڵام بەگشتی هەندێك (مەترسی بابەتی و خودی) بزاڤەکەی

باسکرد. مەترسیە بابەتی‌و گشتییەکان پەیوەندییان بەبونیادی زانکۆ وەکو دامەزراوەیێکی کۆمەڵایەتی هەبوو. زانکۆکان لەگەڵ هەلومەرجی دژواردا بەرەو روون، یان دەبێت توانای خۆیان فراوانتر بکەن‌و هەربۆیەش دەبنە بەشێك لەکاری کۆمەڵایەتی‌و لەهەمان کاتدا خۆشیان لەبواری گشتی سیاسەت دووردەخەنەوە، و یان ئەوەتا لەرێگای دیموکراتیزەکردنی خۆیان هەڵوێست‌و جێگایان لەناو سیستمی دیموکراتیدا دیاری بکەن. هابرماس بەهەڵبژاردنی رێگای دووەم بڕوای وابوو کەدەبێت خوێندکاران بەخستنەڕووی پرسە سیاسیەکان لەناو خوێندنی زانکۆکان‌و پێداگرتن لەسەرمافی بەشداربوونیان لەبەڕێوەبردنی زانکۆکان فشاربخەنە سەر سیستمی زانکۆیی‌و لەهەمان کاتدا لەدژی بەئامێرکردنی پەروەردەو خوێندن‌و دەزگایەك بۆ پێگەیاندنی نوخبەی (ئێلێتی) کۆمەڵایەتی خەبات بکەن. مەترسیەکانی خودی‌و هۆشی بزاڤی خوێندکاران، لەناکۆکی‌و دژایەتی ناو هۆشیاری خوێندکاران سەرچاوەی دەگرت. ناکۆکی نێوان تیۆری‌و کار دەیتوانی زەمینە بێت بۆ پەیدابوونی یەکێك لەدوو جەمسەری توندڕەو، یەکەمیان پاسیفیزم‌و دووەمیان هەڵچوونی سەرچڵانە. هەروەکو ناکۆکی نێوان ئۆباڵ (تعهد)و تووشبون‌و دەرگیری سیاسی‌و ئامادەکردنی زەمینەکانی پەیداکردنی کارو پلەو پایەش دەیتوانی بەیەکێك لەم دوو رێگایە ئەنجامی هەبێت کەهەردووکیان بەهەمان ئەندازەی بەرامبەر خۆشیان لەیەك نایەت: یەکیان پەسەندکردنی سازشی لەئەندازە بەدەر بۆ بەدەستهێنانی پلەو پایە، ئەوی دیکە یان نەفی‌و پەسەند نەکردنی بیریاری وانەکانی خوێندن‌و بابەتەکانی زانکۆ. سەرەنجام ناکۆکی نێوان نیازی بەدەستهێنانی جێگایەك لەژیانی گشتی‌و کردەیی،و بوارێکی سنوردارتری بیریارانە یان ئارەزووی بەکەمگرتنی پرسەکان لەناو چوارچێوەیەکی ئیسپات گەرایی‌و بیرکردنەوەی سادەی تیۆری ئەنجامی دەبێت، لەهەموو ئەمانەش گرنگتر خوێندکاران ئەوەیان لەیاد بێت کەلەهەموو مەرجی ناشۆڕشگێڕیدا، ئامانجی یەکەم‌و سەرەکی رۆشنگەری لەرێگای عەقڵ‌و بەڵگەوە دەبێت، نەك لەرێگای هەژان‌و پەنابردن بۆ توندو تیژی.

وتاری هابرماس لەکۆنگرەی هانۆڤەر لەخۆیدا دژی خوێندکاران نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو سنورداربوونەی کەئەو بۆ خەباتی خوێندکارانی لەچوارچێوەی رەوشی رزگاریخوزدا دانابوو، بەربەستێك بوو بەرامبەر چالاکیە ئەنجامدراوەکان یان ئەوانەی لەبەرنامەی ئایندەیاندا بوون. ئەم دیدگایە لەوتاری (رۆدی دۆتچکە) یەکێك لەرابەرانی بزاڤی خوێندکاران لەکۆنگرەی هانۆڤەری ٩ی حوزەیران، خوێندرایەوە. ئەو وتاری خۆی بەشیکردنەوەیەکی کورتی ئابوری دەستپێکردو دەربارەی پەیدابوونی هەلومەرجی نوێی خەباتی چینایەتی‌و پەیوەندی نێوان تیۆروکارو کەبەهەوڵی سەرمایەداری بۆ چارەسەری بەربەستە کانی سەر ڕێگای کەڵەکە بوون دەبێت، درێژەی بەوتارەکەی دا. لەبیری دۆتچکە هەلومەرجی مادی بۆ چارەسەری پرسەکانی پەیوەندیدار بەنیازو پێداویستیەکانی مرۆڤ یارمەتی دەدریٚ، بەڵام مرۆڤ دەبێت خۆی کۆنترۆلی کاروباری خۆی بکات:

هەموو شتێك پەیوەستە بەخواستی ئاگاو هۆشیاری مرۆڤایەتی، بۆ ئەوەی سەرەنجام شتێك لەمێژوو پەیدا بکەین، مرۆڤایەتی هەتا دێت خۆی هۆشیاردەکات‌و کۆنترۆل‌و دەستەمۆی دەکات، لەبەر ئەوە دەبێت بەپرۆفیسۆر هابرماس بڵێین کەئەوکارانەی بابەتگەرایی ناسازگاری تۆ رزگاریان دەکات، دەبێت نابود بکرێن.

دۆچکە بزاڤی خوێندکارانی بەکاردانەوەیەك دەزانی کەبەرامبەر نوێکردنەوەی سازمانی سیستمی

فێركردنی وڵاتانی سەرمایەداری بەپێی پەیوندییە ئابوورییەكان، بەرپابوو. هەوڵە هەراس هێنەرەكانی حكومەت لەدژی خوێندكاران و زانكۆكان بەڵگەی گرنگی بایەخی ئەم بزوتنەوە دیموكراتیكەی دژی دیكتاتۆری بوو. بەبروای دۆچكە ئەوەی كەزیاتر لەهەموو شت بزاڤی خوێندكاران پێویستی پێیە، كارە. ئەو بەرۆشنی باسی ئەوە دەكات كەبەڵگەكانی هابرماس رۆشنگەریەكی بێكارە، ئەمەش وتەیەكی بێ مانایە. لەبەرئەوە خوێندكارانی ئاڵمانی بانگەوازیان دەكرد بۆ پێكهێنانی ناوەندەكانی چالاكی و بەدەست هێنانی هاوئاهەنگی نارەزایی و خۆپیشاندانەكان لەدژی یاسا سەپێنراوەكانی پارتی راسترەوی ناسیۆنالیست (NPD) و هەڵوێست لەدژی جەنگی ڤێتنام.

بەچەندین ئاماژە، وتارە كورتەكەی دۆچكە وەڵامێك بوو بۆ شیكردنەوەكانی هابرماس. بەڵام ئەوەی كەبەزۆری هابرماسی بێزار كرد، رەخنەی هەڵسەنگێنەری مێژوویی دۆچكەنەبوو سەبارەت بەبزاڤی خوێندكاران، بەڵكو ئەوەی كەكاری سەرچڵی و دڵخوازانە دەخاتە جێگای بیرو مەعریفە سەبارەت بەرەهەندە بابەتیەكانی كۆمەڵ، لەلای ئەو زۆر ناخۆش و گران بوو. بەڵام وەڵامی هابرماس لەكۆنگرەكەدا كاتێك بوو كەدۆچكە لەوێ نەبوو، چونكە ناچاربوو بگەڕێتەوە بەرلین. هەربۆیە هابرماس وەڵامی توندی نەدایەوە. هابرماس بەئاشكرا لەوەنیگەران بوو كەبانگەواز بۆ ئارەزووی كاری ئانارشستی دەكرا. ئەو لەم بوارەدا دووجۆركاری هەژێنەری لەیەك جیادەكردەوە، یەكیان "بزووتنەوەی نمایشی" كەئامانجی سەرنج راكێشانی خەڵك و خوێندكاران بوو بۆ بەڵگەو لێكۆڵینەوەی عەقڵانی و ئەوی دیكەیان بزووتنەوەیەك بوو كەئامانجەكەی گۆڕینی دەسەڵاتی بالای پێكهاتی خوێندكاران بوو بەرەو دەسەڵاتێكی ئاشكراو رەوشێكی هەژموون پەرست. بزووتنەوەی دووەم جۆرێك بوو لەدیاركردن بەشێوەی تیرۆریستی و هەربۆیەش هیچ سودێكی نەبوو بۆ بزاڤی خوێندكاران.

هابرماس هەروەكوچۆن دەربارەی هەمووكارە هەژێنەكانی دژی دیكتاتۆری نارۆشتنی پیشان نەدا، هەربەو جۆرە نەیاری هەندێك لەو رەوشانەش بوو كەخوێندكاران سەربارەت بە بەڕێوەبردن و كاركردنی زانكۆكان پەیرەویان دەكرد. بانگەوازی "نابودكردنی سنورەكانی رەهەندو بۆرژوایی فێركردن"كەلەلایەن هەندێك لەخوێندكارانی توندەڕەوبوو، تەنها تا ئەوجێگایە پەسەند دەكرا كەماناكەی دەبێتە دەربڕینی رای ئەوان لەسەر وانەكان و بەرنامەكان یان رەخنەو پێشنیاری خوێندكاران دەبارەی مامۆستاكان. بەڵام بەڕێوەبردنی كۆنترۆڵی ناو و وانەكان لەڕێگای دیدی خوێندكارانەوە، رێگایەكی ترسناك و پڕكێشە بوو، چونكە دەبووە شێواندنی ئازادی ناوزانكۆكان بەكورتی هەروەكو بابەتەكانی دیكە، هابرماس لەمەشدا لەهەوڵی پاراستن و بەدیهاتنی دەسكەوتی دیموكراتی بوو كەلەراستیدا نەبوون.

بەبڕوای هابرماس ناوەڕۆكی وتارەكەی دۆچ كەبانگەوازی خوێندكاران بوو بۆ تەنها ئەوكارانەی كەدەبوونە جوڵان و كاردانەوەی توندو تیژ لەلایەن حكومەت لەدژی ئەوان و هەرئەم هۆیەش دەبێتە زەمینەیەك بۆ ئەوەی خوێندكاران نەتوانن كاری سیاسی سەرەكی خۆیان لەناو رۆشنگەرییداپیادە بكەن. دۆچكەلە بەشێكی ئاشكرای وتارەكانیدا لەكۆبوونەوەو مانگرتن، تاڕادەیەك پشتیوانی لەخۆ پیشاندانی بێ توندو تیژی دەكرد كەهابرماسیش پێی رەوا بوو، بەڵام هابرماس لەوە سەرسام بوو، كەئەگەر دۆچكە تەنها خوازیاری كۆبوونەوەو مانگرتن بێت،ئەی بۆ سێ چارەك سەعاتی تەرخان كرد بۆ باس و شیكردنەوەی "ئایدۆلۆژی رەسەنایەتی ئیرادە" و بۆچی سەرەنجام وەفاداری خۆی بۆ كاری ناتوندو تیژ نەبردەسەر. بەوتەی هابرماس: لەساڵی



ئەنگلس

١٨٤٨ لەوانەبوو کەئەم هەڵوێستە تایبەتییە، پێداویستییەکی سۆسیالیزمی خەیاڵی بووبێت،بەڵام لەهەلومەرجی ئێستا ناتوانین ئەمە بەشتێکی دیکە بزانین جگەلە (فاشیزمی چەپگەرا)و (من بۆ بەکار هێنانی ئەم زاراوەیە بەڵگەی تایبەتم هەیە).

بەراوردەکانی ناوئەم وتەیە کەبووە هۆی گفتوگۆو ناکۆکی زۆری ناوبزوتنەوەی خوێندکاران (ئەگەر بەلایەنی کەمیشەوە بیگرین) چاوەڕوان کراونەبوو. هابرماس بزووتنەوەی خوێندکارانی لەئاستی بزاڤەکانی ریفۆرم خوازی کۆمەڵایەتی دادەنا، کەمارکس و ئەنگلز لەساڵی ١٨٤٨ و لەمانیڤێستی کۆمۆنیستدا وەکو (سۆسیالیست و کۆمۆنیستی خەیاڵی) باسیان کردبوون.مارکس و ئەنگلز بەتایبەتی ناوی سان سیمۆن، شارل فۆریەو رۆبەرت ئۆین یان هێنابوو،بەڵام هەموو ئەو هەوڵانەی کە بۆ بەرپاکردنی شۆڕش بوون و پەیوەندییان بەهێزی پرۆلیتاریاوەنەبوو، لەبیرو باوەڕەکانی ئەم دەستەیەدا دەبینران. ئەم جۆرە سۆسیالیستە یۆتۆپییە لەهەلومەرجی ناشۆڕشگێڕیدا دەرکەوتبوون و کاری سەرەکی ئەوان دەبێتە رۆشنگەری (لەلای هابرماس.و.ک)، کەئەمەش خاڵێکی دیکەی بەراوردی بزاڤی خوێندکارانە لەگەڵیان، بەڵام مارکس و ئەنگلزلەوە دڵنیا نەبوون کەسۆسیالیستی یۆتۆپی تەنها دەیانویست بەکاری ئاشتی و رێکەوتن کۆمەڵگابگۆڕن ولە هەموو کاروهۆکارێکی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی(جۆری پرۆلیتاریاومارکسیزم. و.ک) خۆیان دەپاراست رەخنەکانی هابرماس لەدۆچکە، نەیاربوون لەگەڵ ئەم وەسفە، هابرماس چەمکی "رەسەنایەتی ئیرادە"ی خستە ژێر پرسیارەوەو دەیوت، کە ئەگەر تەنها لە "فاشیزمی چەپڕەو"دا پەیدا دەبێت، ئەمەش بەوجۆرەیە کەرەوشی بزاڤەکانی لاوانی راستڕەوی دەیەی ١٩٣٠ی وەبیردەهێنایەوە. بەهەرحاڵ تەنها بابەتی رۆشنی ناودیدگای هابرماس ئەوەبوو، هەروەکو چۆن بەزاراوەی خۆی، رەخنەگرتن بوو لەگواستنەوەی خۆپیشاندان و نمایشی خوێندکاران بۆ قۆناغی بزاڤی توندو تیژو شۆڕشگێڕی.

بەداخەوە پرسی سەرەکی هابرماس بۆ وتارو وەڵامەکانی دۆچکە، لەبەرهەمان بەراوردی ناگونجاو لەنێوان بزاڤی خوێندکاران و فاشیزمی چەپڕەو، بەئاسانی بەهەند نەگیراو پەسەندنەکرا. لیکۆڵینەوەی پاشەکشەی رێژەیی هابرماس لەم هەڵوێستە لەدوونامەی تایبەتی ئەولەگەڵ هەندێک لەنووسینەکانی دەربارەی ئۆپۆزسیۆنی خوێندکاران و ریفۆرمی زانکۆیی لەساڵی ١٩٦٩ چاپکرا، کەئەمانەهاوکاری ئێمەیان کرد لەتێگەیشتنی ئەو بەراوردەی، کە لەڕواڵەتدا پەسەندنەبوو. هابرماس لەنامەیەك بۆ (ئەریك فراید)ی شاعیری ناوداری ئاڵمان ئەوەی رۆشن کردەوە کەئەو لێکچوونەکانی نێوان پەیڕەوانی دۆچکەو رەوشەکانی سەرەتای فاشیزمی ئیتالیای باسکردو راگەیاند: ئەوبەتایبەتی لەوەنیگەران بوو کەبزووتنەوەی خوێندکاران هیچ ئامانجێکی سیاسی دیاریکراویان نەبوو. ترسی هابرماس ئەوەبوو کەبزاڤی خوێندکاران تەنها خەریك

بێت بەکاری شۆرشگێڕی هەربۆ پیشاندانی کاروچالاکی خوێندکاران، کەدەبێتە هۆی وەرچەرخان بەرەو ئامانجو خواستی راستڕەوانە. ئەگەرچی (پاشان) هابرماس بڕوای بەوە هێنا، کە بەکارهێنانی واژەی (فاشیزمی چەپڕەو) کارێکی باشو گونجاو نەبوو، بەڵام دڵنیابوو لەوەی کەئەو بەکار هێنانە کاریگەری سودمەندی هەبوو بۆ وادارکردنی رابەرانی بزاڤەکە بۆ دووبارە بیرکردنەوەو سڵەمینەوە لەکاری توندو تیژی. هابرماس لەنامەیەك بۆ (گرۆسنەر)دەربارەی دۆچکەو خوێندکاران، هاوسۆزی زیاتری نیشاندا. بەوتەی خۆی بەشداری لەکۆنگرەی هانۆڤەر بۆئەوەبوو،کە شێوەی نوێ لەکاری هەژێنەر پێویست بوو تا بتوانن ئەوباسانەی، کە بەزۆر لەناو گفتوگۆکاندا وەدەرنرابوون، دیسان باسیان بکاتەوە. هەرچەندە هابرماس نرخو بایەخی رێژەیی رەوشەکانی بزووتنەوەی خوێندکارانی پەسەندکردو داوای لێبوردنی لێکردن بۆبەکارهێنانی زاراوەی (فاشیزمی چەپڕەو)، بەڵام دیسان ئەونەیاربوو لەگەڵ هەندێك لە دیدی رابەرانی بزووتنەوەکەو بەتایبەتی پەیڕەونەکردنو نەبردنە سەری بڕیارەکانی خوێندکارانو بەکارهێنانی توندوتیژی لەهەلومەرجی ناشۆڕشگێڕیدا.

**شۆڕشی وەهمو رۆڵەکانی:**

دیدەگشتیەکانی هابرماس کەساڵێك دواتر چاپیکردن، پشتیوانی بوو بۆ ئامانجەکانی بزاڤی خوێندکاران. ئەو لەو وتارەی کەلەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٧ولەشاری نیویۆرك پێشکەشی کرد، دیسان هەنگاوێکی دیکەی بۆ دووبارە بیرکردنەوە سەبارەت بەداوەری خێراو بەپەلەی خۆی لەبەکارهێنانی (فاشیزمی چەپڕەو) هاویشت. ئەوەی کەجاران لەدیدی ئەودا رەوشی باڵی راست بوو، بەشێوەیەکی بەرچاو تێکەڵ بوو لەگەڵ رەوشە ئاساییەکانی بەرەنگاری وڵاتانی جیهانی سێیەم لەدژی ئیمپریالیزم. هابرماس لەگفتوگۆی شاری فرانکفۆرت لەشوباتی ساڵی دوایی (واتە ١٩٦٨) جارێکی دیکە ستایشی بزوتنەوەی خوێندکارانی کردو لەبەرامبەر تۆمەتی بیروڕاکانی یۆتۆپیاو خەیاڵیدا، داکۆکی لەوبزاڤەکردەوە.لەلای هابرماس ئەوانەی کەدەیانەوێت کۆمەڵگای پیشەسازی لەرێگای دیموکراتیەوە بگۆڕن، بەهیچ جۆرێك خەیاڵاوی نینو هاودەردی لەگەڵ رەنجو ئازارەکانی خەڵکی جیهانی سێ بەڵگەی هەستیاری ئاکاری پێشڕەوە کەپێداویستی تێگەیشتنو ناسینی چەوسانەوەو سەرکوتە بەشێوەی گشتی. ئەگەر چی ئەوسەرلەنوێ دیدی رەخنەیی خۆی پاراست، بەڵام ئەو جۆرە هەڵوێستەی بەئاشکراو تەواوی لەباڵی نەیارانی هەلومەرجی دەسەڵاتداردا دەبینی. رووداوەکانی بەهارو هاوینی ساڵی ١٩٦٨، جارێکی دیکەگومانەکانی هابرماس، کە لەکۆنگرەی هانۆڤەردا ئاماژەی بۆکردبوون، هێنایەوە بیری هەمووان.تەقەکردن لەرۆدی دۆچکەو ئەگەری لەدەستچوونی ژیانیو ئەو نارەزاییانەی کەزۆربەپەلەو ئانارشیانە لەو رووداوەپەیدابوون، لەڕواڵەتدا هاڵسەنگاندنە سەرەتاییەکانی هابرماسی لەسنورداریو رەهەندی واقیع بینی چالاکی خوێندکاران پشتیوانی دەکرد. لەمانگی مایسی ١٩٦٨ نارەزایی خوێندکارانی پاریس دیدی هەموو جیهانی بەخۆوە خەریککرد. لەزانکۆی فرانکفۆرت، کەلەوێ مامۆستا بوو، لەکۆتایی مانگی مایداهەلومەرجەکان بەشێوەی چاوەڕوان نەکراو سەختو ئاڵۆزبوون، خوێندکاران زانکۆیان داگیرکردو ناوەکەیان گۆڕی بۆ (زانکۆی کارل مارکس)و خۆیان سیمیناریان دەگێڕا. بەڵام ئەوکاتەی کەگروپێکی دەرەوەی زانکۆ ئەوێیان داگیر، پۆلیس هاتە ناو روداوەکان.

ئەمانە ئەو رووداوانە بوون کەدروست پێش دووەمین هەڵوێستی هابرماس لەگەڵ بزاڤی خوێندکاران هاوکات بوون. هابرماس لەیەکێك

لەکۆنفرانسەکانی یەکێتی زانکۆیانی ئاڵمان VDS لەرۆژی یەکی حوزەیران، پێنج باسی دەربارەی بزاڤو ئامانجی خوێندکاران خستەڕوو، پاشان لەونووسینەدا کەچەند رۆژێك دواتر لەرۆژنامەی (فرانکفۆرت رۆندشاو)، کە یەکێك بووو لەرۆژنامە لیبراڵەکانی فرانکفۆرت، بڵاو کردەوە، باسی شەشەمیشی بۆ زیادکرد.لەم وتارەدا هابرماس جارێکی دیکە دیدی خۆی لەمبارەوە بەرۆشنی خستە روو، ئەو باسی ئەوەدەکات، کە بزووتنەوەی خوێندکاران گۆڕانی گرنگو پێشڕەوی کۆمەڵگای ئاڵمان بووە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم. ئەو ئاسۆیانەی کەبەهۆی ئەم بزووتنەوەیە پەیدابوون "تازەو کاریگەر" بوونو ئەگەرو هیوای گۆڕانی کۆمەڵگاکانی پیشەسازی بوو. ئەم جۆرە دیدانە بەشێك بوون لەو بناغانەی کەپێویست بوون بۆ رێکخستنی سۆسیالیستی رەهەندەکانی بەرهەم هێنان، بەبێ دەستێوەردانی شێوێنەری دەزگاکانی دەوڵەت. بەڵام هابرماس ئاماژەی بەو مەترسیانەش کردو ڕیشەی ئەوانی لەلایەنگری ئەونەریتەدا دەبینی کە خۆشباوەڕو سەرسەخت پەسەنددەکرانو دەبوونە بەرنامەو پەیڕەوی بزاڤی خوێندکاران. (ومەبەستی هابر ماس لەم نەریتە، بیروپەیڕەوی مارکسیستی بوو). مەیلو بیری سەرسەختو تاکباوەڕ، کەهابرماس لەبزاڤی خوێندکاراندا دەیبینی، هەڕەشەیەك بوو لەئامانجەکانی بزووتنەوەکەو ئەگەری سەرکەوتنی ئەوانیان بەرەو مەترسی دەکردەوە. لەبەرئەوە، هەرچەندە هابرماس بڕوای وابووکەپرسەکانی ئەوکاردانەوەبوون لەبەرامبەر رووداوەکانی دوایی، بەڵام ئەم باسانە بەردەوامیو خستەڕووی هەمان ئەو دیدانە بوون کەساڵی پێشوو لەهانۆڤەرباسی کردبوون. هەڵبەت ئەم دیدانەو تەنانەت بەو شێوەیەی کەلەحوزەیرانی ١٩٦٨ یشدا باسکرا، بیری پوختو تەواوی ئەونەبوونو هابرماس پاشان لەگفتوگۆیەکدا


ئەدۆرنۆ

باس ئەوە دەکا کەلەپشتی هەر رستەیەك لەو بیرانەو باسانە، داستانێك هەبوو.لەگەڵ ئەمانەشدا، هەمان ئەودیدانە وێنایەکی باشتریان لە نەخشی بزاڤی خوێندکاران لەبەرهەمەکانی هابرماسو شیکردنەوەکانی ئەو بۆ کۆمەڵگای ئاڵمانی دوای جەنگو پاشان لەناوتەواوی باسە تیۆرییەکانی ئەودا، ئەنجامی باشتری بەدەستهێنا.

یەکەمین مەبەستو بەڵگەی هابرماس ئەوەبوو، کە "ئامانجی خێرای بزاڤی خوێندکاران، سیاسی کردنی بوارو میدیای گشتی بوو"، ئەوبیرانەی کەداکۆکیان لەم هەڵوێستە دەکرد بەشێوەی سەرەکیو لەکتێبی (گۆڕانی بونیادی بواری گشتی)دا نووسرابوونو پاشان لەبەشێك لەلێکۆڵینەوەکانی ناوکتێبی (ئاستەنگی رەوایی) لەساڵی ١٩٧٣، باشترو روونتر چارەسەرکرابوون. هابرماس لەکتێبی یەکەمدا ئەوەی نیشاندا، کەبە چ شێوەیەك بواری گشتی لیبرالی کەبیرەکان ئازادانە دەخاتە ڕوو، لەهەلو مەرجی نوێی سەرمایەداری نوێدا، بەرەو کەمی نابوودی دەچێت. ئەو بەیارمەتی لێکۆڵینەوەکانی هۆرکهایمەر، ئادۆرنۆو مارکیوز نیشانی دا، کەچۆن بوارەکانی گشتیو

تایبەتی پاشەکشەیان پێکراوەو هەژاریو نابەسامانی دەچنە جێگایان، کەدەبنە هۆی سوودمەندبوونی نیهادە گشتیو دەزگاکانی راگەیاندنو پارلەمان.

لەکتێبی دووەمدا، هابرماس بانگەوازی ئەوە دەکات لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری،زەمینەی قەیرانەکان لەبواری ئابوری دەزگاکانی بەرێوەبردنەوە گەشەدەکات بەرەو ئاستەنگی خودی سیستمی رەواییو حکومەت کردن.بەڵگەی هابرماس، دەکرێت بەم شێوە سادەیەی خوارەوە بەیان بکرێت:کێشەو ناکۆکی بونیادی لەکۆمەڵگای سەرمایەداری دیسان بەهۆی دابەشکردنی نایەکسانی سامانی نێوخەڵك پەیدا دەبێت. بەڵام بەهۆی کارو دەستێوەردانی دەسەڵاتی دەوڵەت بۆ رێکخستنی بازاڕو دانی مافە سیاسیەکان بۆ بەشێکی کەم لەخەڵك، ئەگەری کێشە بۆ رەوایی دەوڵەت زیاتر دەبێتو بەڵگەی ئەم گۆڕانکاریانەش زۆر سادەیە: نوێنەرانی دەوڵەت، ئەگەرچی لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە هەڵبژێردراون، بەڵام دەبێت لەرێگای دابینکردنی بەرژەوەندی ئابوری زیاتر بۆبەشێکی زۆرتری خەڵك، رەوایی بەکارەکانی خۆیان بدەن.

رەوایی لەگەلێك رێگاوەپەیدا دەبێت، یەکێك لەوانە پاراستنی دیموکراسی رواڵەتی بێ بزووتنەوەوبەشداری جەماوەری" یان لەرێگای نەخشی ئەوئایدۆلۆژیانەی کەوەفاداری خەڵك بەدەست دەهێنن، و دابینکردنی وەفاداری بۆ سیستم بەهۆی پەیداکردنی پارەو شانسی ژیان. بەبڕوای هابرماس گرنگیو بایەخی بزاڤی خوێندکاران هەتا بێت زیاتر دەبێت، چونکە رەوایی کۆمەڵگای سەرمایەداری لەلاوازترین خاڵدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەم بزاڤە هەڵەو کەموکوڕییە ئایدۆلۆژییەکان ئاشکرا دەکات رەخنەلەوهەولانە دەگرێت کەخەڵك سەرگەرم دەکەنو بایەخی جەماوەر لەکێشە گرنگەکان وەردەگیرێ. بزاڤی خوێندکاران سەرلەنوێ پرسە سەرەکیەکانی ئابوریو سیاسەت دەخاتەوەناو خەڵكو بەرباسوخواس. بزووتنەوەی خوێندکاران ئەوبەهانەیە پەسەندکات کەتەنها شارەزایانو پسپۆڕان دەتوانن دەبارەی پرسەکانی ئابوریو سیاسەت بڕیاربدەن، بەڵکو لەبەرامبەردا ئەو رێزە زۆرەی کە تائێستا بۆ پسپۆرو دەزگاکان لەئارادان، وەردەگرێتەوەو سیاسەت گوزاری دەخاتەوە ناو باسو بواری گشتی. بەهەمان شێوە بزاڤی خوێندکاران لەبەرامبەر ئەوسیستمە خەبات دەکات، کەدەیەوێت خەڵك بکاتە رەعیەتی بێ دەسەڵاتو خواستەکانی هاوولاتیان بەشێوەی تایبەتی سنووردراردەکات.

بەکورتی بایەخی بزاڤی خوێندکاران زۆرگرنگو سەرەکیە، چونکە بواری گشتی لەسیاسەت داماڵراو سەرلەنوێ سیاسی دەکاتەوە. هەرلەبەرئەوە بەشێك لەئامانجی رەخنەو نەیاری خوێندکاران ئەو لایانەنان کەباسی گشتی کۆنترۆڵو دەسەڵات دەکەن.کاتێك کە هابرماس بەتایبەتی ئاماژەی بۆکۆمپانیا گەورەکانی راگەیاندن دەکرد، مەبەستی ئەو دەزگای بڵاوکردنەوەی شیرینگەربوو،کە خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران لەدژی ئەوان بەرپابوو، پاش ئەوەی کەتەقەیان لەرۆدی دۆچەکرد، بەرەوفراوانی دەچوو.چاپەمەنیەکانی دەزگای سپرینگەرلەلایەك رێگربوو لەوەی کەباسە گرنگەکان بکەوێتەوە دەستی خەڵكو لەلایەکی دیکەش ئەوباسانەیان لەدژی ئەولایەنانە بەکار دەهێنا، وەکو خوێندکارانی ناڕازی، کەدەیانویست باسە گشتیەکان سەرلەنوێ پەیدا بکەنەوە.لەم روانگەیەوە، هابرماس پشتیوانی لەگرنگترین دەسکەوتو داهێنانی خوێندکاران کرد، کەئەویش خەبات بوولەدژی دەزگای پەخشو راگەیاندنی سپرینگەر، چونکەئەم شێوەیەی خەبات گورزێکی کاریگەربوو لەخاڵی لاوازو سەرەکی رژێم.

دووەمینی باسی هابرماس پەیوەند بەبایەخی مێژوویی بزاڤی خوێندکاران. بەبڕوای ئەو راپەڕینی

خوێندكاران دەبێتە هۆی بەدیهاتنی ڕەوشی نوێی خەبات. هابرماس سێ ڕەهەندی ئەم ڕەوشە نوێیە،بەم جۆرە دیاری دەكات"

١- ڕەهەندی یەكەم، خەباتی بێ توندوتیژی كەبەتایبەتی لەسەردەمی خەباتی بەدەستهێنانی مافە مەدەنیەكان لەئەمریكا پەیدابوو. ئەم شێوەیە لەخەباتو نارەزایی بۆیە كاریگەربوو، چونكە بەكەمترین هەوڵو مەترسی، هاندانو ڕاگەیاندنی خەبات دەگاتە باڵاترین ئاست.

٢- هابرماس نارەزایی خوێندكاران بەرەخنەی سیمبولیكو ڕازئامێز دەزانێت لەفەرهەنگی گشتیا. لەروخساردا وادەرئەكەوێت كەمەبەستی ئەو لەم باسە "شانۆی شەقامەكان" یان "شانۆی چریكی" بوو، كەشێوەیەكن لەهونەرو فەرهەنگی گشتیو پرسە پەسەندو باوەكانی كۆمەڵگادەخاتە بەگومانو پرسیار. شێوە سیاسیەكانی چالاكی فەرهەنگی كەسەرچاوەكەی لەپابەندبوونی گشتی هونەری مۆدێرنو بەتایبەتی شێوە سیاسەكانی مۆدێرندایە، وەكو نموونە شانۆی (برتۆلد برێشت)و بەتایبەتی بیری نامۆبوونی ناو سیستمی مۆدێرن، گورزێكی لەناكاوی لەناوەرۆكی دابونەریتی دەسەڵاتدار وەشاندو ماهیەتەكەی ئاشكرا دەكات. كاریگەری ئەم شێوانەی خەبات بۆیە گرنگ بوو، چونكەلەهەمان كاتدا هەم یاریو سەرحاڵیو هەم خەباتو تێكۆشانی جدیش بوون. هابرماس ئەمانەی بەچەكێكی بەهێزی خەبات دانا، بەتایبەتی لەبەرئەوەی، كە توندوتیژنین.

٣- هابرماس باس لەوە دەكات، كە ڕەوشەكانی بزاڤی خوێندكاران، تایبەتین بەگروپێكی دیاریكراوو تەمەنێكی دیاریكراو، كەلەبواری دەروون ناسیدا شێوەیەكی تایبەتە لەخەبات بەرامبەر نەوەكانی پێشوو. لەبەرئەوە داوای خوێندكاران بۆ پەیوەست بوونی كەسانی دیكەی تەمەنە گەورەترەكان، كارێكی بێهودەبوو. تەنها ئەوكەسانەی كەتێگەیشتنی ڕاستیان بۆكارەكانیان نییەو یان لەباری دەروونیەوە لەیەكێك لەقۆناغەكانی پێشتردا"وەستاون"، لەوانەیە ئەم جۆرە پەیوەست بوونە پەسەند بكەن.

ئەم سێ ڕەهەندە واتا ناتوندو تیژی، چالاكی خۆنواندنو نمایشو ڕەفتاری تایبەتی نەوەیەك، بۆ هێرشكردنە سەر سیستمێكی جێگیر زۆر گونجاو بوون، چونكە لەكۆمەڵگەپێشكەوتووەكانی سەرمایەداریو بۆ پاراستنی ڕەوایی ڕژێم ئەمكارانە لەسیاسەت دادەماڵرێنو ئەمەش وادەكات كەرەوشەنوێكانی خەباتی خوێندكاران، بۆ بەرامبەر وەستانەوەی ئەم هەلومەرجە، كاریگەری باشی هەبێت.

هابرماس لەسێهەمین شیكردنەوەدا، ڕیشەی نارەزایی خوێندكاران لەبواری كۆمەڵایەتی - دەروونی باسدەكات، نەك لەبواری ئابوری. لەم بارەوەهابرماس لەگەڵ هەندێك ڕابەرانی ناسراوی بزاڤەكە،وەكو ڕۆدی دۆچكە، جیاوازی هەبوو، چونكەئەوان نائارامی خوێندكارانیان دەبردەوە بۆ هۆكاری ئابووری. بەبڕوای ئەم ڕابەرانە، سیستمی فێركردن لەكۆمەڵگا سەرمایەداری بواری كێشەو ئاستەنگی سیستمی ئابورییە، كەبۆ چارەسەری قەیرانەكانی خۆی سوود لەسەركوتی ناخۆو چەوسانەوەی جیهانی سێ وەردەگرێت. لەبەرئەوە خوێندكاران لەپێشەوە دەبنە قوربانی ئەم سیستمە سەركوتكەرە. دووخاڵی گرنگی دیكە، یەكیان جیهانی سێو ئەوی دیكەیان پرۆلیتاریا. هابرماس بەپێچەوانەوە، بڕوای وایە كەخوێندكاران هێشتا بەشێكی نایابن لەكۆمەڵگا. بزاڤی خوێندكاران بەپێچەوانەوەی خەباتی ڕابردوو لەدژی دیكتاتۆری، بۆبەدەستهێنانی بەشێكی زۆرتر لەسامان خەبات ناكەن ، بەڵكو بەرامبەر خودی چەمكی بەرتریو هەڵاواردنی سامانی ناو كۆمەڵگای سەرمایەداری، خەبات دەكەن. ماهیەتی نارەزایی خوێندكاران دروست لەوەدا پەیدا بووە، كە ئەوان خوازیاری نیازی ئابووری گەورەنیو نەخشو بەهاش بۆ ئاكارەكانی بۆرژوایی یان وردەبۆرژوایی ڕابردوو دانانێن. خوێندكاران لەبەرهەمان هۆی سەربەخۆییو ڕزگاربوون

لەپێداویستیە بەپەلەکان "هەستیارییەکی نویٚ" یان پەیداکردووەو هەربەو پێیەش باسی بەهانەو بونیادییەکانی ئاکار لەباسە گشتیەکان بەناڕەوا دەزانن. هابرماس ئاماژە بەبوارێکی تایبەتی دەکاتو ئەمەش بەشێوەیەکی تایبەتی کاریگەرە. لەکۆمەڵگاکانی سەرمایەداری پێشکەوتوو شێوەی کردەییو باوی پەیداکردنی سامانی کۆمەڵایەتی، نادروستی ئەم دیدە ئاکارییە دەسەلمێنیٚ، کەئەویش پاداشتی کارو رەنج، پارەو دەسەڵاتە. هابرماس بڕوای وایە کەلەبەرامبەر سیستم، بزاڤی خوێندکاران دەتوانیٚ ئەم جۆرە ناکۆکیەی نێوان راستینەی سامانو ئایدۆلۆژیای کریٚو پاداشتی ناو سەرمایەداری زیاتر توند ئەکات.

لەکاتێکدا کەسیٚ باسو بەڵگەی پێشووی هابرماس دەربارەی ئامانجەکان، رەوشەکانو تواناکانی بزاڤی خوێندکارانە، دوو بەڵگەی دیکەی هابرماس دەربارەی رەخنەو ناسازگاری ئەوبزاڤەیە لە ئایدۆلۆژیوکاردا. هابر ماس لەبەڵگەی چوارەمدا، باسی ئەوەدەکات کەخوێندکاران بڕوایان بەتیۆرێکی کۆمەڵناسی هەبوو کەیان گومانو یان ناڕاست بوو، هەربۆیەش نەیانتوانی رەوشی هاوتای کارکردن لەو تێوەرە پەیدا بکەن ئەو ئاماژە بەسیٚ بواری توندڕەوو تاك ئەندێشی مارکسێتی دەکات کەخۆشباوەڕانە وەکو بنەماو تیۆری گشتی کۆمەڵایەتی لەلایەن خوێندکارانەوە پەسەنکرابوون:

**یەکەم**، بزاڤی خوێندکاران بڕوایان بەتیۆرێك بوو دەبارەی قەیران کەبنەماکانی (تیۆری بەهای کار)بوو. مارکس لەباسو لێکۆڵینەوەی کاڵا لەکتێبی سەرمایە، لەوبڕوایەدابوو کەبەهاکان بەهۆی کاری پەتی (مجرد) ناو کاڵاکان دیاریدەکرێن. رادەی کاری پەتیش بەنۆبەی خۆی بەهۆی کاتەوە دەپێورێت. هەرچەندە کاتی پێویست بۆبەرهەم هێنانی کاڵایی زیاتر بێت، ئەو کاڵایە بەهای زیاتر دەبێت.زیادکردنی کارایی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان (پێشڕەوی تەکنیکی، بەکارهێنانی کارایی زیاتری هێزی کارو شتی دیکەش) دەبێتە هۆیەك بۆکەمکردنەوەی بەهای کاڵا. لەدیدی مارکس ئاستەنگەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری کاتێك پەیدا دەبێت کەسەرمایەداران بەناچاری لەگەڵ دەکەونە یەکدارکابەریولەئەنجامدا سوود (قازانج) بەرەو خواردەچێت. لەم کاتەدا تەنها رێگای دەسکەوتنی سوودی (زیاتر) بۆ سەرمایەدار، چەوسانەوەی بەهای زێدەکاری کرێکارانە، سەرمایەدار تەنها بەئەندازەی ئەوبەشە لەبەهای کاری ناوکاڵا کریٚ بە کرێکار دەدا، پاشماوەی ئەوەش کەزێدەباییە بۆ سەرمایەدار دەمێنێتەوە. لەبەرئەوە کەمبوونەوەی نرخی سوود کەبەشێکە لەتیۆری بەهای کارو، بەپێی تیۆری مارکسیستی، دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئاستەنگ لەرەوتی کەڵەکە بوونی سەرمایە، وکێشەو بێکاریش فراوانتر دەکات.

لەلای هابرماس هەرچەندە ئەم مەیلو تیۆرانە لەسەدەی نۆزدەهەم کارکردی دیاریکراویان هەبوو، بەڵام ئەمڕۆ بایەخیان کەوتۆتە بەرگومانو پرسیار. بەبڕوای ئەو ئەمڕۆ هیچ جۆرێك خوێندنەوەی ئەزموونی (تجربی) دەربارەی ئابووری نییە کەپشت بەتیۆری (بەهایکار) ببەستیٚ. سەرەڕای دەستێوەردانی دەوڵەت، ئارامیو جێگیری وایان بۆ سەرمایەداری بەدەست هێناوە کەلەرواڵەتدا تیۆری قەیرانی ئابووری لەمارکسیزمی ئەرسەدۆکسدا بیٚ بایەخ دەکات. کەمترین شت کەدەتوانین بیڵێین ئەوەیە کە بەردەوامیو جێگیری درێژماوەی ئابوری سەرمایەداری چیدی لەلایەن ئەوئاستەنگانەی کەلەدیدی مارکسیدا هەن، هەڕەشەی لیٚ ناکرێت.

**دووەم**، بەبڕوای هابرماس بزاڤی خوێندکاران هەڵوێستی کۆنی مارکسێتی بۆخەباتی چینایەتی کردبووە رێباز. چینەکان بەهۆی پەیوەندییان بەهۆکارەکانی بەرهەم هێنان دیاری دەکرێنو دەناسرێن. لێکۆڵینەوەکانی مارکس بۆ کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەو باوەڕەی بۆئەو (هابرماس) پەیداکرد کەناکۆکی نێوان پرۆلیتاریا (ئەوچینەی کەهیچ

دەسەڵاتێکی بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێناندا نییەو دەبێت هێزی کاری خۆی بۆ کریێ بەسەرمایەداران بفرۆشێ) و بۆرژوازی (ئەوچینەی کەخاوەنی هۆیەکانی بەرهەمهێنانەو دەسەڵاتی بەسەریانداهەیە) کلیلی تێگەیشتنی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕییە. لەتیۆری مارکس پرۆلیتاریا تەنها چینێکە کەدەتوانێ سەرمایەداری سەرنگون بکاتو شۆڕشی سۆسیالیستی بەڕێ بخات.

هابرماس راستەوخۆ شیکردنەوە چینایەتییەکانی مارکسێتی نەخستە ژێر پرسیارو، بەڵام ئەوەی سەلماند کەسەرمایەداری سەدەی بیستەم رێگای هۆشمەندانەی بۆلەناوبردنی کێشمە کێشی نێوان پرۆلیتاریاو بۆرژوازی بەدەستهێناوە. تەواوی سەرهەڵدانی ناکۆکیە چینایەتییەکان جڵەوەیان گیراوە. کێشە دەروونیو پەراوێزەکان (لەوانە هابرماس بزاڤی خوێندکارانی لەم شێوە بزووتنەوانە دانابێت) دروست هەر لەبەرئەم هۆیە کەئارامیو لێبوردنیان هەیەو بەرگەدەگرن، مایەی مەترسی نابن بۆ رژێمی سەرمایەداری. ئەو گروپانەی کەهیچ بەرترییان (امتیاز) نییە، وەکو رەشەکانی ئەمریکا، یان خوێندکاران ناتوانن بەبێ هاوکاریو یارمەتی ئەوانی دیکە، هەڕشە لەرژێم بکەن. ئەو گروپانەی کەبەتەنیا دەتوانن ئەم هەڕەشانە بکەن، بەهۆی بەهەرەمەندییان لەم بەرترییانە، هەست بە وەفاداریو پەیوەست بوون بە سیستمەوە دەکەن.

**سێیەم**، خوێندکاران هەروەها لایەنگرانی تیۆرێك بوون ئارامی رێژەیی جیهانی یەکەم وابەستە بەچەوسانەوەی جیهانی سێیەم دەزانن. لەپێشەوە بینیمان کەدۆچکە بڕوای بەهۆکاری نێوان خۆشگوزەرانی وڵاتانی پێشکەوتووی رۆژئاواو کەمدەستیو هەژاری میللەتانی دواکەتوو هەبوو. لەراستیدا نارەزایی لەدژی جەنگی ڤێتنامو دیداری رابەرانی رژێمە سەرکوتکەرەکان بۆئەڵمانیا، بەهۆی دەرگیریو تووشبوونی ئاڵمان لەم زەمینانەدانەبوو، چونکە ئاڵمان بەلایەنی زۆرەوە نەخشی ناراستەخۆیلەم کێشانەی جیهانی سێدا هەبوو، بەڵکوبەبهانەی نارەزایی پەیوەندی چەوسێنەرانەی نێوان سەرمایەداریو جیهانی سێبوو.

هابرماس بایەخی ئەم پەیوەندییەی خستە بەرپرسیارو ئەوەی پەسەندکرد کەلەدیدی مێژووییدا، ئیمپریالیزم بەرپرسیاری رەوشی جیهانی سێ بوو، بەڵام هەروەها بڕوای وابوو کەچەوسانەوەی ئابووری جاران جێگای خۆی ئەدا بەشێوە جیاوازەکانی پەیوەندی وابەستەیی نێوان ئەم وڵاتانە. لەنەبوونی پەیوەندی راستەوخۆی داگیرکاری، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنها نارەزاییو رقو رەنجی ئەخلاقی یە لەدژی جیهانی یەکەم. بزاڤی خوێندکاران ئەم رقوبێزارییەی بەمیرات بۆ مابۆوەوهەرچەندە لەوانەیە ئەمە کاردانەوەیەکی نابەجێ بووبێت،بەڵام نابێت ئەمە ببێتە ئەنجامێکی رواڵەتی بۆ چەوسانەوە، کە لەمەودوا نابێت.

پەسەندکردنو پیادەکردنی ئەم سێ هەڵوێستە تیۆرییە، دەبێتە هۆی پەیدابوونی دووجۆری خراپ, تێگەیشتنیسەرەکی لەوناو بزاڤی خوێندکاران.

یەکەم، ئەودیدەی کەوادەزانێت نارەزاییو راپەڕینی خوێندکاران بەشێکەلەشۆڕشی کۆمەڵایەتی. هابرماس دەیووت هەرگیزوهیچ جۆرەبەڵگەیەك بۆ ئەم دیدو بانگەوازە نییە. ئەوەی کەشۆڕش دەکاتە کارێکی پێویستو ناچاری، لەراپەڕینی خوێندکاراندا نییە، تەنها ئەمە بیرولێکدانەوەی هەندێکە لەرابەرانو هەڵسوڕاوانی خوێندکاران بۆ هەلومەرجێکی پەسەندنەکراو. ئەوکەسانەی کەبڕوایان وایە شۆرش بەزوویی روودەدات، خۆیان فریودەدەن.

دووەمین، خراپ تێگەیشتن ئەوەبوو کەخوێندکاران بەهەڵەو باوەڕیان بەوەبوو کەنارەزاییوخەباتی ئەوان بەشێکە لەبزوتنەوەی دژی ئیمپریالیستیو هاوکاری

شۆڕشگێڕانەی جیهانی سێن. بەبڕوای هابرماس، ڕەوش و پێشمەرجەکانی ئەم دوو دەستەیە (یان ئەم دوو باوەڕە) بۆ بزووتنەوەی ناڕەزایی بۆ ئەوەناشێت کەئەم ڕاپەڕینەی پێ هەڵسەنگێنرێت.

هابرماس لەبەڵگەی پێنجەمدا، بەرئەنجامی ناخۆشی لەباسی چوارەم خستەڕوو. لێکۆڵینەوەی ناڕاست و نادروستی هەلومەرجەکان دەبێتە هۆی گرتنەبەری ڕەوشی کردەیی واکەخوێندکارانی گۆشەگیرکردوبووە هۆی ئەوەی کەهێزەکانی پشتیوانی ئاڵوگۆڕی دیموکراتی ناتوانابن بۆیارمەتی دانی ئەوان. ڕابەرانی بزاڤی خوێندکاران حاڵەتی ڕواڵەتیان لەگەڵ ڕاستیەکاندا تێکەڵ کردو دووچاری هەڵەبوون. یەکێك لەو هەڵانە، هەڵکردنی ئاڵای سووربوو.ئاڵای سوور لەسەردەمی گونجاودا دەتوانێت ڕەهەندێکی بیریاری نوێ پەیدا بکات و بیرێکی تازە بەدی بهێنێ، بەڵام خوێندکاران و زانکۆیان نابێت فریو بخۆن و وا بزانن کەلەڕەوشی هێرش و داگیرکردنی سەنگەرەکانی دوژمندان. کۆنترۆڵکردنی زانکۆیەك و بەڕێ خستنی ڕێپێوانێك نابێتە شۆڕش و هەڵگێڕانەوەی دەسەڵات. تێکەڵاوکردنی نێوان ڕاستی و هیوا بەئەنجامێك گەیشت کەهابرماس ناوی لێنا (شۆڕشی خەیاڵی)،کەتیایدا شێوە دروستەکانی ڕۆشنگەری جێگای خۆیاندا بەدەرگیری و تووشبوونی بێ مانا. ئەنجامی ئەم هەڵوێستە بووە هۆی ئارەزووی پەیداکردنی ناکۆکی و دوژمنایەتی بەهەر نرخێك بێت. هاوکاری لەگەڵ گروپ و دەستە میانڕەوەکان و ئەوانەی کە ڕێزی ئازادی یاسایی دەگرن، بەخوێندکاران دەڵێت کەهیچ بنەمایەك بۆ کاری شۆڕشگێڕی نییەو نیهادو دەزگا کۆمەڵایەتی و گشتیەکان تەنهائەوە دەتوانن کە ڕەوشێکی سنوردار بۆ چالاکی بەدەست بهێنن، بەڵام خوێندکاران و ڕابەران ئەم هەلومەرج و ڕاستیە بەهەند نەگرت. لەنمایشی سەیرو گاڵتە ئامێزی شۆڕشگێڕانەی خوێندکارانی ئاڵماندا، سێ ڕووخسار لەپێش و زیاد لەوانی دیکە دەرکەوتن" یەکەمین ڕوخسار، ئاژاوە چیبوو کەخۆپەرستانە هەڵسوکەوتی دەکرد و خۆی دەکاتە ناوەندی چالاکی جەماوەری،بەڵام هیچ پەیوەندییەکی واقیعی لەگەڵ ڕاستینەی هەلومەرجەکان لەدەستدا نییە. رووخساری دووەم، ڕوخساری پێشەوایە کەوەکو چاودێرێکی ئاگاخۆی دەنوێنێ، بەڵام هیچ ئەزموونێکی کرداری نییەو پەیڕەوان و گوێ لەمستانی خۆی بەشێوەی ئاڵۆزو ناڕۆشن ڕێنمایی دەکات. ڕوخساری سێهەمیش، ئەوانەن کە ماستاوچی و خۆبەرەپێشەوەی ناو ئەم شۆڕشە خەیاڵیەن و ناوەڕۆکی توند ڕەوانەی پێشین و کۆن سەرلەنوێ زیندوودەکەنەوە.هابرماس بەم نمایش و خۆنواندنە ئاژاوەچی و خۆپەرست و شۆڕشگێڕیە دەڵێت (بڵقی سەرئاو)، کەئەوکەسانەن هیچ نرخێك بۆ پەیام و ئەنجامی قسەکانی خۆیان دانانێن.

دواهەمین و شەشەمین بەڵگەی هابرماس کەلەڕۆژنامەی ناوبراودا نووسیبووی: ئەمجارە بەشێوەی پۆزەتیف هەڵوێست بەرامبەر ڕاپەڕین و بزاڤی خوێندکاران دەنوێنێ و دەڵێت: "شۆڕشی خەیاڵی" دەبێت شێوە درێژماوەکانی (و بەڵێنە زۆرو زەوەندەکانی. و.ك) خۆی بگۆڕێت لەپەیامی ڕۆشنگەری جەماوەری خۆی دڵنیای بدات. بزاڤی خوێندکاران دووکاری فریوکارانەی بەهەڵەپیادەکرد" یەکەم کۆششەکانی دەوڵەتیان بۆ پاراستنی ئارامی و ئاسایش، کەبەشێوەی گونجاو بوون، تێکەڵ کرد بەکاری سەرکوتکەرو فاشییانە. دووەم، بزاڤی خوێندکاران زیاد لەپێویست هێزی خۆیان بەکاریگەر دەزانی و لەئەنجامدا توندڕەوی و توندو تیژیان نواند. ئەوکاتەی کەپەنایان بردەبەر زۆرو توندوتیژی، دەیانتوانی وانەکەن و تەنها بەچالاکی و خۆپیشاندان پەیامی خۆیان بگەیەنن. هابرماس خوێندکارانی بۆ ئەوە بانگەواز کرد، کەبگەڕێنەوە بۆ تاکتیکە

گونجاوەکـان لەگـەڵ هەلومـەرجی ئێستـا، ئـەو وتـی "خوێنـدکاران دەتـوانن ئامـانجی ستایشکراو رزگـاری خـوازی خۆیـان، واتـا شکسـتی رووخسـارە بیرۆکراتیـەکانی دەسـەلات، سـەرلەنوێ پەیدابکەنـەوە، خەباتکاران و خۆپیشاندەران دەبێت" یەکەم ئەوەبزانن، کە ئێمە لەهەلومەرجی شۆڕشگێڕانەدا نین و هەربۆیەش دەبێـت رەوشـی یاسـایی ئۆپۆزسـیۆنی دیمـوکراتی لەئاڵمان و مافە یاساییەکان بەدروستی بناسن و هەڵی بسەنگێنن. ئەوان دیسان دەبێت هەلومەرجی ئاڵمانی دوای جـەنگی جیهـانی دووەم لەمێـژووی پێشـوو جیابکەنەوە و تەنانەت دەتوانن سوود لەپێشڕەویەکانی سـەردەمی ژیانـەوە بوژانـەوەی سـەرمایەداریش وەربگـرن. خوێنـدکاران دەتـوانن و دەبێـت لەگـەڵ کاربەدەسـتان و دەزگاکـانی دەسـەلاتدارو گشـتیدا هاوکارین و بۆ راگەیاندنی پەیامی خۆیان سوودیان لێ وەربگـرن، هـەروەکو چـۆن دەتـوانن لەگـەڵ یـەکێتی سـەندیکانیش هاوکـارو هاوخـەبات بـن لەمانگرتنـە سیاسـی و ئابووریـەکانیان، سـەرەنجام خوێنـدکاران دەبێت بیرو تێڕامان دەربارەی تیۆروکار بکەن و تەنها لەبەر خاتری ئەو ئامانج و ئارەزووانەی کەبەبۆچوونی خۆیـان لەئاینـدەدا لەلایـەن جـەماوەرەوە پەسـەند دەکرێت، بەخێرایی و هەڵە کارنەکەن.

### وەڵامەکانی چەپی نوێ:

باسـەکانی هابرمـاس دەربـارەی کەشـی سیاسـی و هەسـتیاری سـاڵی ١٩٦٨ لـەوە زیـاتر بـوو کەتـەنها نیشـاندەری جیاوازییـەکانی نـاوخۆیی بێـت لەسـەر رەوشـی کـارو سیاسـەتەکانی چـەپی نـوێ، بـەڵکو سـەرەتای نـەیاری بنـەڕەتی ئـەو بـوو لەبەرامبـەر بیروتیۆرەکـانی چـەپی نـوێ. هەنـدێك لایـەنی نـاو بزووتنـەوەی رادیکـاڵی خوێنـدکاران، هابرمـاس وەکـو خـائین و رووناکبیری وابەسـتە بـەرژێمی دەسـەلاتدارو لەبابەتی چەپی لیبرال ئەژماریان دەکرد، کەلەبەرامبەر هەڵوێسـتە رادیکاڵـە کـان و سـەنگەری پێشـوی پاشەکشـەی کردبـوو. بـەڵام هەنـدێك لەنووسـەران لـەکتێبێك بەناونیشـانی (چـەپ وەڵامـی هابرمـاس دەداتـەوە) لەسـاڵی ١٩٦٨ هەڵوێسـتیان لـەدژی نووسـیەکانی هابرمـاس نوانـد. ئەوانـە زۆربـەیان دەستیاران و قوتابیانی خودی خۆی بوون، هەرچەندە بەشێك لـەوان کاردانـەوەی ئاسـاتریان پیشـاندا. ئـەم کتێبـە رەخنـەبوو لـەو شـەش بەڵگەیـەی پێشـووی هابرماس، کەپێك هاتبوو لەپێشەکی و چواردە وەڵامی رەخنـەگران. نووسـەرەکانیش زۆربـەیان هەڵسـوراوان و رابـەرانی بزاڤـی خوێنـدکاران بـوون لەسـەر نجـەکانی پێشـەکیدا (ئۆسـکار نێگـت) دەڵێـت: وابڕیـاربوو، کـە هابرماس لەکۆتایی ئەم کتێبەدا وەڵامی هەبێت، بەڵام لەوەدەچێت ئەو لەرەخنەی توندی نووسەران پەرێشان بووبێـت بۆیـە وەڵامـی نـەبوو. نووسـەری پێشـەکی (وەڵامـەکانی چـەپ) هەوڵـدەدا لـەرادەو ئـاوازی تونـدو رەخنەکان بەرامبەر بەهابرماس کەم بکاتەوە و دەڵێت: ئەوکەسانەی کەئاشنان بەبیروباوەڕی هابرماس دەزانن کەنووسـەرانی ئـەم کتێبـە تـا چ ئەندزەیـەك قـەرزاری خـودی ئـەون و بەهـەرحاڵ باسـەکانی ئـەم کتێبـە جگـە لـەباس و پـەیڤینی گشـتی دەربـارەی جیاوازییـەکانی ناوچـەپی نـوێ، شتێکی دیکـە نییـە. پاشـان ئـەو لـەوە دڵنیامـان دەکاتـەوە کـە کتێبـی ناوبراو (دژی هابرمـاس نییە) بەڵکو ئامانجێکی لەوە فراوانتری هەیە کەئەویش پارێزگـاری کردنـە لـە هابرمـاس لەبەرامبـەر دۆسـتانی درۆینـی بـاڵی راسـت، نـەك هێرشـی چـەپ بۆسـەرئەو. لەگـەڵ ئەمانەشـدا هەڵوێسـتی تونـدو کینـە ئـامێزی هەندێك لەوتارەکان، ناڕاستی ئەم دەربڕینە خۆش بینە بەدرۆ دەخاتەوە.

ئەو رەخنانـەی کەلـە هابرمـاس گیرابـوون دەتـوانین بیانکـەین بەسـێ بەشـەوە: تارادەیـەك هـەموو نووسراوەکانی کتێبەکە رەخنـەیان لەباسەکانی هابرماس هـەبوو سـەبارەت بـەبزاڤی خوێنـدکاران. ئـەوان بەتایبـەتی ئاماژەیـان لـەخراپ بـەکار هێنـانی ئـەو سیفاتانە دەکـرد

کەهابرماس باسی کردبوون. دیدی هابرماس لەبەکارهێنانی ئەوەی کەخوێندکاران گرفتاری بیرو وێناکردنی منالآنە، شێتانە، حالەتی دەروونیو سۆزیاری، خەیالٚ پلاوی، نەمانی پەیوەندی لەگەلٚ واقیعەتو خەیالٚو وەهمی خۆپەرستو خود ستایش بوون. ئەمانە لەلای هەلٚسوڕاوانو رابەرانی راپەڕینی ١٩٦٨ نەك تەنها سوکایەتی بوو، بەلٚکو بەشێك بوون لەنەریتی کۆنە پارێزی دژی گۆڕانو پێشڕەوی پیشکەوتووخواز. بۆ نموونە کلاوس درۆنەر باسی ئەو دەکات کەدەسەلاتداران هەربەهەمان شێوەی هابرماس دەلٚێن کەشۆڕشگێڕان کەسانی دەروون نەخۆشو ئالۆزن. لەڕوانگەی سیستمی دەسەلاتداری هەرکۆمەلٚگایەك، سەرنگونو هەلٚگەڕانەوەی هەلومەرجی دەسەلاتدار کارێکی نەگونجاوە هەرهەنگاوێك بۆ ئەمە لەخۆیدا بیٚ عەقلٚیو لەناو چوونی هۆشە. هابرماس بەهۆی بەکار هێنانی ئەم جۆرە وشانە هەلی بۆئەو رەخساند کە کۆنەپارێزانی دەسەلاتدار، کە لەراستیدا نەیاربوون لەگەلٚ خودی بیروباوەڕەکانی هابرماس، ئەوهەلەیان قۆزتەوەو بۆ بەرژەوەندی خۆیان سوودیان لەوێناکردنی هابرماس بینی وێنای کاریکاتۆری (ئاژاوەچی، پێشەوای خۆپەرست، بلٚقی سەرئاوو ماستاو چی)، کە هابرماس بۆ وەسفی شۆڕشگێڕانی خوێندکاران لەکۆتایی باسی پێنجەمدا بەکاری هێنا، شایانی رەخنەگرتنە. زۆربەی نووسەرانی چەپی نویٚو کتێبەکە لەو باوەڕەدان، کە ئەو زاراوەو وەسفانەی کەهابرماس بەکار هێناون، زیاتر لەمەبەستی ئەو، تەلٚخو بەدگومانن. رەخنەی بەدەربەستی ئامانجو پرسەکانی بزاڤی خوێندکاران پێویست ناکات بەزمانی (دوژمنان) بەیان بکرێت، پاشان ئەو شێوەو میتۆدەی کەئەو بەکاریهێناون نیشاندەری بێزارین لەخودی بزاڤی خوێندکارانو ئەمەشمان بەتەواوی زیاتر بۆ رۆشن دەبێتەوە کەهابرماس ناونیشانی (فاشیزمی چەپڕەو) بۆ وێناو وەسفی بزووتنەوەی نارەزایی خوێندکاران بەکاری هێنابوو، بیٚ مەبەستو بیٚ ئەنقەست نەبوو.

دووەمین بوارو مەبەست بۆ رەخنەگرتن لەهابرماس، بەکارهێنانی شێوەو نەخشی دەروون ناسی بوو، کەپەیوەندی هەبوو بەناونیشانی نێوانکاری بۆ رێگەگرتنو رەخنە لەلێکۆلٚینەوەی مێژوویيو کۆمەلٚناسی. دوو بەلٚگە لەپێنج باسەکانی هابرماس خرانە بەرباسو رەخنە. هابرماس لەبەلٚگەی سێیەمیدا لەهەولٚی ئەوەدایە کەشیکردنەوەی ریشەکانی بزاڤی خوێندکاران وەکو کاردانەوەی دەروونی سەبارەت بەهەندێك تایبەتمەندی کۆمەلٚگای سەرمایەداری- دیاری بکاتو هەربۆیەش ناوەڕۆکی ئەو بزووتنەوەیە وەکو بەشێکی ئابووری لەخەباتی چینایەتی پەسەند ناکات. ئەگەر چی سەبارەت بەنەخشو جێگای خوێندکارانو زانکۆ لەناو کارکردی گشتی سیستمی سەمایەداری جیاوازی زۆر هەیە، بەلام زۆربەی لێکۆلٚیارانو نووسەرانی ناوبراوی چەپی نویٚو بزاڤی خوێندکاران لەو باوەڕەدان کەهابرماس بەوردی بنەما دەروونییەکانی نارەزایی خوێندکارانی ناسیبیٚو هەر بەو جۆرەی، کە کلاوس ئۆفە دەیگوت: بەلام هێشتا نابێت بەومانایە بێت کەئەنجامەکانی هابرماس دەربارەی تواناکانی بزاڤەکە راست بن. بەکورتی ئۆفە باسی ئەوە دەکات کەکاریگەری بزاڤەکە پێویستی بەرەوشی گشتی رۆشنگەری نییەو تەنها بوارێکی سیاسی گشتی سنووردای دەوێت، بەلٚکو ئەم کاریگەریە پەیوەستە بەراستیو دروستی شیکردنەوەی خوێندکاران بۆ هەلومەرجو چۆنیەتی هەلٚوێستی بەشەکانی دیکەو خواستو کاردانەوەکانی ئەوان. بەوشێوەی کە ئۆفە دەیگوت، ئەو پرسانەی کەچەپی نوێی هێنایە کایەوە خوازگاو پەیامی زۆری بۆ هەرشێوەیەك لەوێنای تاك رەهەندی دەروون ناسی کۆمەلایەتی هەیە.

لەلایەکی دیکەوە لێکۆلٚینەوە دەروونیەکانی هابرماس، لەباسی پێنجەمدا لەوە دەدویٚ کەچالاکی خوێندکاران ماهیەتێکی دەماریو دەروون پەرێشانی هەیە. بەشێوەی گشتی ئەو باس لەو بەلٚگەیە دەکات کەجۆری کاروچالاکی نارەزایان شێوەیەکی پێگەیشتووی ئەوگروپانەیە کەتایبەتمەندی دیاریکراوی تەمەنیان هەیەو

پابەندبوونی بەردەوام بۆ ئەم چالاکیانە بەڵگەیە بۆ هەڵسوکەوتی منالانە. بەهەرحاڵو لەوهەلومەرجەدا کەبەئاستەنگ دەناسرێت، شێوەکانی دەروونی شێواو، دەبنە رواڵەتو بەرجەستە دەبن. بەڵام یەکێك بەرەخنەگران بەناوی (فۆریۆسروتی) باس لەوە دەکات، کە ئەگەر وابێت، واتا خەباتی خوێندکارانو زانکۆکان تاڕادەی هەڵسوکەوتی تایبەتی دەروونی کەم بکرێتەوە وەکو رەفتاری دەروونیو دەماری سەیربکرێت، ئایا خوێندکاران دەتوانن لەبوارەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەشداربنو دەسکەوت پەیدا بکەن؟ لەمە بترازێ، تەنانەت ئەگەر جێگایەك بۆ کاریگەری پەرێشانی دەروونی لەبەر چاوبگرین، ئایا نابێت بەجیاتی رەخنە لەوانەی کەگرفتاری ئەم پەرێشانیانەن، رەخنە لەو کۆمەڵگەیە بگرین، کە بەرپرسیارە لەپەیدابوونی ئەم پەرێشانییە دەرونییە؟ لایەنی کەم ئەوەی، کە هابرماس بەهۆی بەکار هێنانی ئەو بەڵگە ناسازگارانەی دەروون ناسی لەجیاتی شیکردنەوەی سیاسی، توشی هەڵەو کەمکاری بوو. ئەو لەبەر پەسەندنەکردنی پێوەرە بەدگومانەکانی کۆمەڵناسیو دەروون ناسی بۆ نەخۆشیو سەلامەتی دەروونی بەشێوەی ناڕەخنەگرانە، ئەو رەنجو هاوکارییەی کەخۆی لەپەیداکردنی تیۆری رەخنەیی کۆمەڵگادا هەیبوو، بەبایدا. تەنانەت ئەگەر شایستەی رێژەیش بۆ لێکۆڵینەوە دەروونیەکانی ئەویش پەسەند بکەین، دیسان تیۆری ئەو سەبارەت بەرەگوڕیشەی کۆمەلایەتی کێشەکانی دەروونیو کاریگەری ئەم کێشانە لەگۆشە نیگای میتۆدو ئامانجەکانەوە، کەمو ناسازگارە.

لەوانەیە فراوانترین باسی رەخنەیی کتێبی (وەلامی چەپ بۆ یۆرگن هابرماس) پەیوەست بێت بەشایستەیی ئاسۆو دیدگاری مارکسیێتی هابرماس. هابرماس باس لەو بەڵگانە دەکات کەبزاڤی خوێندکاران پابەندی ئەو هەڵوێستە کۆپیکراوانەن کەمیراتی نەریتەکانی سەدەی نۆزدەن. گرنگترین ئەم هەڵوێستانە، یەکەم، تیۆری قەیرانە، کە پشت بەتیۆری نرخی کار دەبەستێ، دووەم، وێناکردنی خەباتی چینایەتی بەناونیشانی راپەڕینەرو بڕیاردەری مێژوو، سێیەم، یەکسان بینینی بزووتنەوەکانی ناڕەزایی جیهانی یەکەمو جیهانی سێیەم. یەکێکی دیکە لەرەخنەگران کەناوی (ئەنسلو نویسۆس) باس لەوە دەکات کەسازمانی بزاڤی خوێندکاران (SDS) ئەم دیدانە وەکو پاشماوەی تاك رەهەندیو سەخت ئەندێسۆ کۆمۆنیستی پەسەند ناکات" تەنانەت کلاسیکی ترین دەستەی مارکسیێتی بزاڤی خوێندکاران ئەم دیدە گشتیانە رەت دەکەنەوە. لەراستیدا خاڵە سەرەکیەکانی نەیاری هابرماس لەهەڵوێستی سیاسی بزاڤی خوێندکاران راستەوخۆ لەخودی بڵاوکراوە کانی SDSبۆ جەنگی ڤێتنام ئەوەبوو کەخەباتی چینایەتی چی دیکە لەناوەندی خەباتی شۆڕشگێڕیدا پایەدار نابێت. هەڵبەت هابرماس دەبوایە ئاگای لەم هەڵوێستەی ئەوان بێت، چونکە دیدو تیۆرەکانی هیربرت مارکیۆز کەپشتو پەنای تیۆرەکانی خودی خۆشی بوو، لەدۆزینەوەو پەروەردەکردنی چەمکی گروپە راوێژنشینەکاندا زۆر کاریگەر بوو، ئەمانە هەمان ئەو دیدانە بوون کەبوونە سەرچاوەی پەیدابوونو ڕەوایی تیۆری چەپی نوێ. ستراتیژێکی سەرەکی لەتەواوی چالاکیەکانی خوێندکاران هەر لەخەبات دژی دەزگای بڵاوکردنەوەی شپرینگەرەوە وەبگرە تانارەزایی لەدژی یاسا لەناکاوەکانی دەوڵەت تەنها کاتێك مانای هەبوو کەخەباتی نێوان بۆرژوازیو پرۆلیتاریا لەمەودوا وەکو هۆکاری سەرەکی رزگاری خوازی نەزانن.

هەندێك لەنووسەرانی چەپی نوێو SDS لەبیرو دیدگا گشتیەکانی هابرماس دەربارەی بزاڤی خوێندکاران نارازی بوون. (پیتەر برۆکنەر) سێ گۆڕانکاری سەرەکی کەیارمەتیدەری پێك هێنانی رێکخراوی خوێندکارانی سۆسیالیست بوون تایبەت دەکات بەم شیکردنەوەیە: یەکەم، گەڕانەوەی سیستمی سەرمایەداری ئاڵمان لەدوای جەنگی دووەم، دووەم، پاشگەزبوونەوەی پارتی سۆسیال دیموکرات لەهەڵوێستی دژی سیستمی دەسەلاتدار، سێیەم، یاخی بوونو هەڵگەڕانەوەکانی دژی دەسەلات تایبەت بوون بەتاك. ئەو بڕوای وایە کەدەربارەی بیروباوەڕی SDSو ئامانجەکانیان نابێت

وەكویەك داوەری بكەین. رەخنەگرانی وەكو هابرماس زێدەڕەویان دەربارەی هاوتایی و هاوبەستیی ئەم رێکخراوە کردووە، کەلەرێکخراوەکانی دیکە کراوەترو جیاوازترە. ئەم جۆرە رەخنەیە لەسەرەتای وتاری یەکێکی دیکە لەنووسەران بەناوی (هیربرت لێدرەر)دا دەڵێت, کەهابرماس بە پەسەندنەکردنی بێ هەوڵو بێ رەخنەی حاڵی بوونی چاپەمەنی بۆرژوازی تاوانبار دەکات. بەپێی ئەم دیدەی لێدەر، هابرماس لەجیاتی دەرخستنی وێنایەکی ورد لەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چالاکیەکانی بزاڤی خوێندکاران، هەمان ئەو چەمکەی پێشوو پەسەند دەکات کەبزووتنەوە رەواکانی ناڕەزایی بێ بایەخ دەکەن. SDSو ناڕەزایی بنەڕەتی ئەو بەرامبەر هەلومەرجی نەگۆڕی ئێستا و باس و پەیڤینە تیۆرییەکانی ئەوان لەبەرچاو ناگرێت و لەبەرامبەردا گرنگی یەکەم دەدات بەخۆشی و رقی سۆزیاری خۆپیشاندانەکان و نەیاری کۆمەڵایەتی.

بەڵام زۆرێك لەرەخنەگرانی هابرماس لەوباوەڕەدان، کە هەڵوێستە دروستەکانی و نەیاری ئەو لەبەرامبەر سەختگیری SDS، خۆیشی گرفتاری هەندێك سەخت بیری و یان لانی کەم داوەری گشتی بووە. بۆ نموونە (ئێکهارت کریپندۆرف) یەکێکی دیکە لەرەخنەگرانی هەڵوێستی هابرماس بەمامەڵەیەکی نەریتی دەزانێ. بەوپێیە ئەو باسی وادەکات کەبۆچی هابرماس لە ناسینی توانا سیاسیەکانی رەوشی نوێی نەیاری بێ توانایەو هێزی بزاڤی خوێندکاران بۆ کارێکی لیبراڵی و فێربوونی رۆشنگەری کەمدەکاتەوە. هەڵوێستی ئەو بۆ فاشیزمیش سنوردارە، چونکە ئەو تەنها شێوەی توندڕەوی ناسیۆنال سۆسیالیزم لەپاشکۆی ئەم چەمکەدا بەکار دەهێنێت. (رایمۆت رایش) یەکی دیکە لەنووسەرانی (وەڵامی چەپ بۆ هابرماس) هۆی شیکردنەوەی سیاسی ناسازگاری هابرماس لەنادیدەگرتنی بایەخ و بەهای سیاسی چالاکیە ناعەقڵییەکانی دەبینێ. بەبڕوای رایش سۆزو هەستەکانیش دەتوانن کاری تایبەتی پێشکەوتوخوازانەیان هەبێت، خەیاڵ و بڕوای خوێندکاران، کە خۆیان بەهاودەردی (ڤیت کینگەکان) و گروپە ستەمدیدەکانی جیهانی سێ دەزانن، نەك تەنها سوودمەندە، بەڵکو پێداویستییەکی گرنگی پاراستن و بەردەوامی نەیاری کاریگەرو سازندەیە: زۆرێك لەرەخنەگرانی ناوبراو، لەناویاندا نویسۆس رەخنە لەوبیرەی هابرماس دەگرێت کەدەڵێت: خوێندکاران سیمبۆل و هێما و واقیعەتیان تێکەڵاوکردووەو دووچاری هەڵەبوون. نویسۆس جیاوازی نێوان ئەم دووانە باسدەکات و دەڵێت جیاوازی و لێك جیاکردنەوەی نێوان هیواو راستی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ساتەکانی بەیەکداچوون بەهەمان ئەندازەی یەکسان کردنیان، نادیالەکتیکییە.

پاش ئەم هەموو دیدانە تووشی بەڵگەیەك دەبین کە (ئۆسکار نێگت) لەپێشەکیدا بەئاشکرا بەیانی دەکات و ئەویش ئەوەیە کەهابرماس دیسان پابەندی هەڵوێستی نەریتییە بۆ ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕی ئەگەر چی ئەو بایەخ و بەهای شیکردنەوەی مارکس بۆ هەلومەرجی ئێستای پەسەند نییە، بەڵام مەرجی سەرەکی بیری هابرماس ئەوەیە کە شۆڕش بەناچاری پێویستە بەخەباتی چینایەتی و شێوەی نەریتی ئەو خەباتەیە. خوێندکاران تەنها دەتوانن کاری رۆشنگەری بکەن، چونکە ئەوان بەتەواوی مانای وشە، چینی کۆمەڵایەتی نین و ناتوانن ببن بەدیاریکەرو راپەڕێنەری مێژوو، لەکاتێکدا مارکس ئەم نەخشەی پرۆلیتاریا بەپێویست دەزانێ. یادەتوانین بڵێین کەهابرماس چیدی بڕوای بەهیچ راپەڕینی ئاڵوگۆڕو هەڵگەڕانەوەی واقیعی لەمێژوودا نییەو یان بەنهێنی هەمان هەڵوێستی نەریتی بەرامبەر بەشۆڕش هەیە. ئەگەر بۆچوونی یەکەمی راست بێت، هابرماس یان لیبراڵێکی ریفۆرمیست یان سۆسیالیستێکی سەرلێشێواو، ئەگەردیدی دووەمیشی دروست بێت، ئەوا دیسان ئەو پابەند دەبێت بەتیۆری کۆپیکراو یان خەیاڵی یۆتۆپی. لەهەردوو حاڵەتەکەدا دەتوانین ئەو تاوانبار بکەین بەکەمکاری لەپیادەکردنی هەڵوێستی خۆی سەبارەت بەشۆڕش و نیازو پێداویستیەکانی هەلومەرجی ئێستا.

**سەرچاوە:**

یورگن هابرماس (نقد در حوزەء عمومی)

- ترجمەء: د. حسین بشریە، نشرنی تهران ،چاپ دوم ۱۳۷۸، ل ل ۱۱۵ – ۱۴۰